NÛBIHAR AKADEMÎ

# حەمە ئاغای گەورە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

# Hama Agha in The Ottoman Documents

بژار عوسمان ئەحمەد*

عە بدولواحید جەلال نوری**

**پوختە:**

لە مێژووی کورد دا چەندین کەسایەتی ناوداری کورد دەرکەوتوون کە توانیویانە خزمەتی کۆمەڵگە و میلەتەکەیان بکەن. ئەوەی لێرەدا ئێمە دەیبینین مێژووی کەسەیاتییەکی شاری کۆیە و هۆزی غەفورییەکانە، کە بە "حەمە ئاغا" ناسراوە، بڕادەیەك تایبەتمەندییەکی وەرگرتوە لە ناو کوردانداو هەر کەسێك بەخشندە و لێبوردەیی و ئازایەتی لێ کۆببێتەوە ئەوا بە حەمە ئاغا وەسف دەکرێت. ئەگەرچی بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە بارەی ئەم کەڵە پیاوە سەرچاوەی زۆرمان لە ژێردەستدا نییە، بەڵام هەبوونی بەڵگەنامەکانی عوسمانی وایکردوە بەشێکی ژیانی ئەم کەسایەتییەمان بۆ باس بکات و زۆرێك لەو بابەتانەی جێگای گفتوگۆ و گومانن بۆمان روون بکاتەوە، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیەمان پێکهاتوە لە دەروازە و دوو تەوەرەی سەرەکی، کە بۆ هەر تەوەرەیەکیش چەند لقێکی لێدەبێتەوە، بەشێوەیەك لە دەروازەدا باس لە جوگرافیای شاری کۆیە و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆیە لەسەردەمی حەمە ئاغادا دەکات، وە لە تەوەرەی یەکەمدا باسمان لە ژیان و کەسایەتی حەمە ئاغا کردووە، هەروەها تەوەری دووەم تیشك دەخاتە سەر شوێی (خدران) و سەرکەوتنی حەمە ئاغا لە ئامانجەکەیدا.

**کلیلە وشە:** حەمە ئاغا، بەڵگەنامە، دەوڵەتی عوسمانی، کۆیە، سەنجەقی کۆیە.

**Abstract:**

Through history there are many people whose names are remained alive. They are honorable due to having some personal characteristics such as generous, merciful, brave and revolutionary etc. The one we are talking about is the history of a great man of Koya City and Ghafuri Tribe who is known as "Hama Agha". He had

* توێژەر لە زانکۆی کۆیە&خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی نێودەوڵەتی ئیسلامی مالیزیا

Bzhar Othman Ahmed (PhD Student, Department of History and Civilization, International Islamic University Malaysia& Researcher at Koya University) (bzhar.ahmed@koyauniversity.org & bzhar1989ahmed@gmail.com)

** مامۆستا لە کۆلێژی زانستە مرۆییەکانی زانکۆی نێودەوڵەتی ئیسلامی مالیزیا

Abdul Wahed Jalal Nori, Asst. Prof., (teacher at KIRKHS, International Islamic University Malaysia (wahed@iium.edu.my)

gained a special characteristic among the Kurds, which other are being defined as "Hama Agha" when it comes to being generous, forgiving, and brave. However, to do research about this great man we do not have a lot of sources, but due to existing Othman's archives and documents enable us to illustrate the biography of this person. Thus, this paper consists of an introduction and two main sections and each section has some parts. In the introduction, the demography of Koya City and societal and economic situation at the time of Hama Agha has been discussed. In section one, the biography and personality of Hama Agha have been discussed. In section two, it sheds light on the battle of (Khedran) and Hama Agha's victory.

**Key Words:** Hama Agha, archives, Ottoman state, Koya, Koysanjaq

## پێشەکی:

یەکێك لەو کەسایەتیانەی لە مێژووی شاری کۆیەدا خاوەنی ناوبانگێکی تایبەت بەخۆی بووە، ئەویش بەهۆی لێهاتوویی لە کارەکانی و روو بەرووبوونەوەی نەیارەکانی لە پێناوی شارەکەیدا ئەوا حەمە ئاغای کۆیە بووە، هەروەکو دەبینین لەلایەن عوسمانییەکانەوە دەستگیرکراوە، جگە لەوەش ڕووبڕووی هەموو مەترسی هێرشێك بۆتەوە کە بۆ سەر خەڵکی کۆیە و دانیشتوانی دەوروبەری هاتونەتە پێش. ئەو سودی لە هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ هۆزەکانی ئاکۆ و بڵباس و خۆشناو بینیوە و لەهەمانکاتیشداڕووبڕووی هێرش و مەترسییەکانی هەمەوەند و شێخ بزێنی و بەرزنجییەکان بۆتەوە. بەخشندەییەکەی بەڕادەیەك بووە، لە هەر ئاست و تەمەنێکدا بێت هەردەم بەخشندە بووە و هیچ کاتێکش نا دادی لە دەسەڵاتداران قبوڵ نەکردوە. پێگەی گەورەیی کەسایەتی ئەو لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی و یاداشتی ئەفسەرە بەریتانییەکانداڕەنگیداوەتەوە و وایکردوە هەمیشە دەوڵەتی عوسمانی و بەریتانی بە چاوێکی ڕێزەوە سەیری بکەن و چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم حەمە ئاغا بە چارەسەری بارودۆخی خەڵکی کۆیە و دەوروبەری بزانن.

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە تیشك بخەینە سەر پەیوەندی نێوان ئەو و دەوڵەتی عوسمانی و دواتریش پەیوەندی ئەو لەگەڵ حکومەتی بەریتانی، هەروەها تیشك خستنە سەر پەیوەندی ناوبراو لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەری کۆیە و چۆنییەتی پارێزگاریکردنی حەمە ئاغا لە شاری کۆیە و لە پاراستنی گوند و موڵك و ماڵی خۆی و خەڵکی ناوچەکە لە مەترسی هۆزەکانیتر، ئەویش بە پشت بەستن بە چەند میتۆدێکی زانستی لە پێش هەموویان میتۆدی مێژوویی و خستنڕوو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکانیتر وەکو لێکۆڵینەوە زانستییەکان و تێزە ئەکادیمییەکان و کتێبەکان کە لە بارەی شاری کۆیە نوسراون، لە

گرینگترین ئەو سەرچاوانەش (مەسعوود محەمەد، حەماغای گەورە) هەروەها کتێبی (W. R. Hay: Two Years in Kurdistan) کە نموونەی سەرچاوەی گرنگی ئەم توێژینەوەیەن، هاوکات چەندین سەرچاوەیتر کە لە لیستی سەرچاوەکاندارِیزبەند کراون.

## دەروازە: جوگرافیای شاری کۆیە و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆیە لە سەردەمی حەمە ئاغادا:

ئەگەرچی پێناسە و وەسفی زۆر بۆ شاری کۆیە کراون، بەڵام ئێمە دەڕوانینە سەرچاوە عوسمانییەکان کە باسی شاری کۆیە دەکەن، بەتایبەتی لە ساڵنامەیەکی عوسمانیدا کە بەروارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ژیانی حەمە ئاغای کۆیە و بەمشێوەیە باسی شاری کۆیە دەکات "کۆیە لە باکوری لیوای شارەزورە، قەزای کۆیە ١٨ کاتژمێر لە کەرکوکەوە دورە، لەم قەزایەدا دوو ناحیە هەیە بە ناوەکانی (شەقلاوە " بالیسان"). خەڵکی قەزای کۆیە بە گشتی کوردن، تەنها هەندێك مەسیحی هەیە کە لە گوندی هەرمۆتە (لەساڵنامەکەدا بە أرموطة ناوی هاتووە) دەژین و نیو کاتژمێر لە شاری کۆیە دوورە. لەم گوندەدا ١٠ ماڵی کلدانی هەن، لە شاری کۆیەدا بازرگانی توتن بە شێوەیەکی زۆر فراوانە، ئەم شارە لە دامێنی چیای ئەیوب سوڵتان (هەیبەت سوڵتان)ە، وە سەرچاوەی ئاوی ئەم شارە لە شاخ و دەشتی کۆیەوە هەیە. لەم شارەدا (١) دانە حکومەت قۆناغی (کاروانسەرا)، وە یەك دانە قشڵەی هومایۆنی وە (١) دانە ردیف دبوبی، وە یەك دانە جامع (مزگەوت) وە (١٠) دانە نوێژگە (مصلی) هەیە. هەروەها شەش قوتابخانەی منداڵان و سێ مەدرەسە و سێ تەکیە و ١٤٢٠ ماڵ هەیە و ٤٢٠٠ کەس لە کۆیە دەژین. هەروەها ٣٤٠ دوکان و (٥) قاوەخانە و (٨) سوختە و (٣) حەمام و (١) فرن و یەك بنکەی ئاسایش هەیە. هەروەها لە ڕێی زێی بچوکەوە بەهۆی ئەسکەلەی تەق تەق (شوێنیڕاوەستانی بەلەم) ئەوا گرنگترین و پڕ ئیشترین ڕێگای بازرگانی هەیە (ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ،١٣٢٥: ل٢٢٢). شاری کۆیە پێگەیەکی گرنگی هەبوو، ئەویش بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی شارەکە، کە لە بازرگانیدا پێگەیەکی باشی هەبوو، هەروەها لەڕوی باشی و زۆری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە، تەنانەت بازرگانی توتن و میوە لە نێوان شاری کۆیە و بەغدا و تەنانەت بۆ شارەکانیتری وەکو هەولێر و کەرکوك و سنە و سابلاغ ئەنجام دەدرا (تەیب،٢٠٠٨:ل٥٣-٥٤).

## تەوەرەی یەکەم: ژیان و کەسایەتی حەمە ئاغا:

### یەکەم:ڕەچەڵەك و کەسایەتی حەمە ئاغا:

حەمە ئاغا کوڕی مەحمود ئاغا کوڕی حەمەدئاغا (حەمە ئاغا- کەحەمە ئاغای گەورەش بەناوی ئەوەوە کراوەتەوە) کوڕی کەریم ئاغای کوڕی غەفورئاغایە (محەمەد، ۲۰۱۰: ل٤۰).کاپتن های لە کتێبەکەیدا لە باسی حەمە ئاغای کۆیەدا دەڵێت « ئەو بەتەمەنە و دەڵێی ۱۳۵ ساڵە، بەڵام تا ئێستا بەهێزە و لە سەر فکر و زیهینی خۆی ماوە و خاوەنی کەسایەتییەکی گەورە و خاوەن کەرامەتێکی زۆرە«(Hay,۱۹۲۱:۱۲٦)، هەر خۆی لە شوێنەکیتردا دەڵێت ” حەمە ئاغا ئەگەرچی بەتەمەنە، بەڵام دار جغارەیەکی درێژی بەدەستەوەیە و هێشتان بەهێزە. ئەو هیچ کاتێك ئاوی گەرم بۆ خۆشوشتن و بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن بەکارناهێنێ. بەگشتی تەمەنی ئەو لە نێوان ۹٥ بۆ ۱۰۰ ساڵ دەبێت“ (Hay,۱۹۲۱:۱۲۸).[1] ئەوی لێرەدا جێگای باسە، حەمە ئاغا لە ساڵی ۱۲٥٤ك لەدایکبووە، ئەویش بەپێی مەسعود مەحەمەد پێی وایە لە ساڵی ۱۲٥٤ك لە دایکبووە، بەو پێیەی کە ساڵی کۆچی دوایی ۱۹۲۰ز/۱۳۳۸ك بووە و ماوەی ۸٤ ساڵ ژیاوە، کە بڵێین (۱۳۳۸-۸٤=۱۲٥٤) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە حەمە ئاغا ۸٤ بەهاری بینیوە (محەمەد، ۲۰۱۰: ل٤۱). سەبارەت بە ساڵ و شوێنی کۆچی دوایشی ئەوە بەڕوونی دیارە، طاهر أحمد حەوێزی لە بارەیڕۆژی کۆچی دوایی حەمە ئاغای گەورەدا دەڵێت“ لە شەوی ۲ لەسەر۳ی ئابی ۱۹۲۰ کۆچی دوایی کرد، کەڕۆژەکەی زۆر گەرم بوو، ئاسمان هەورێکی ئەستوور دایگرتبوو، دوای نیوەڕۆ قەبرەکەی لە (کەکۆن) تەوابوو وئینگلیزەکان بەڕەسمی تا سەر گۆڕەکەی لەگەڵی چوون“ (حەوێزی، ل۱٤۳).لەگەڵ ئەمانەشدا مەلای گەورە[2] لە بارەی رێکەوتی کۆچی دوایی حەمە ئاغادا ئەم شیعرە فارسییەی نووسیوە:

پی تأریخ جستوجو کردم

بز الاشهب بەگریە لب بگوشد

---

1 بۆ بینینی وێنەی حەمە ئاغا،بروانە پاشکۆی ژمارە (1) لە لیستی پاشکۆکاندا.

2 مەلای گەورە: مەلامەحەمەدیجەلیزادەناسراوبەمەلایگەورەیکۆیە” لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدە لە باشووری کوردستان لە شاری کۆیە لە دایکبووە، هەروەها ڕۆژی ۱۲-۱۰-۱۹٤۳ لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە. مەلای گەورە یەکێکە لە زانا گەورەکانی کوردستان و مرۆڤێکی دادپەروەر و کوردستان پەروەربووە، لە بواری کۆمەڵایەتی، ئاین، ئەدەب، شیعرب بە کوردی و عەرەبی بەرهەمی شاکارییەکەی. کە تەفسیری کوردی لەکەلامی خوداوەندی لە بەناوبانگترینیانە لە دەساڵی پێش کۆچی دوایی دا ژیانی خۆی بۆ ئەم بەرهەمەی تەرخان کردوە. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ژیان و بیرەوەرییەکانی مەلای گەورە بڕوانە (حەیدەری، سنجاوی،:۲۰۱٤ ل ٤٦۹-٤۷۲) ; (خۆشناو ، 2017).

تأسف حمەاغا مرد

بهر تأريخ قدر فرمود

تەنانەت لە سەر کێلی قەبرەکەیدا هۆنراویەك نووسراوە، کە مەسعود مەحەمەد ئەم نووسینەمان بۆ دەگوازێتەوە کە لە سەر کێلی قەبرەکەیدا هەبووە:

غفوری زادە محمداغا

باز اين چه اتشن بر مزود

از مز من کون وجود

زدشعله بر چرخ کبود

رووی زنی (زمين) پر شد زد (ز دود)

يك أجلت نزيل شد

ملك و ملك تبديل شد

ئەم وشەیەی (زمين، زدود) هەڵەیە، وە هەندێ ڕستەی ناو شیعرەکەش هەڵەیە، بەڵکو سەرەتای شیعرەکە دەبێ بەمجۆرە بێ "باز اين اتشه بروفزود"، وشەی (مزمن) لە مسەرەعی دووەمدا (خرمن) بووە (محەمەد، ٢٠١٠: ل٨٣-٨٤).

کاپتن های[3] بەردەوام دەبێت لەوەسفی حەمە ئاغا و دەڵێت "حەمە ئاغا خەندەیەك بەڕووخسارییەوە دیارە، خاوەنیڕیشێکی وەکو بەفر سپی درێژە، سینگ و شانی پانە "(Hay, ١٩٢١:p١٢٦) حەمە ئاغا هەر لە سەرەتای گەنجێتییەوە سوارچاك بووە و هەمیشە (تیغ ورِەمب) ی هەڵگرتووە، بەڵام لە دواتردا و لەگەڵ پێشکەوتنی تفەنگی ئاگردار، ئەویش گۆڕانکاری کردووە وتفەنگی ئاگرداری هەڵگرتووە وتەنانەت دەڵێن ئەو کاتانەی لە سەفەر دەگەڕایەوە و تفەنگ و فیشەکدانی بناردایە کامە ژووری خێزانی، ئەوا مانای وابووە کە مێوانی ئەویان دەبێت (محەمەد، ٢٠١٠: ل٤٥)، چونکە ئەو لە ماوەی ژیانیدا پێنج خێزانی هەبووە، بە ناوەکانی:

---

3 کاپتن های: ئەفسەرێکی سەربازی بەریتانی بوو، لە کاروباری ناوەخۆی میزۆپۆتامیا لەگەڵ بەریتانیا خزمەتی دەکرد. لە ساڵانی 1920-1919 سەردانی کوردستان دەکات و چەندین کاری بۆ دەوڵەتی بەریتانی ئەنجامداوە و چەندین کاربەدەستی لە ناوچەکانی کوردستان لە دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستان ئەرکدار کردووە، بۆنمونە پێگەی قائیمقیامییەتی کۆیەی داوە بە حەمە ئاغای کۆیە. بڕوانە((Hay,1921: p II

١- ڕەعبەی کچی حاجی بەکرئاغا

٢- عەیشانی کچی ئەبابەکرئاغا

٣- عەیشێ (لە سەییدەکانی باداوەیە)

٤- حەبیبەی کچی ئەمین ئاغای حاجی بەکرئاغا

٥- عەیشە (ئایشەخان) کچی ئەسعەدئاغای حاجی بەکرئاغا (محەمەد، ٢٠١٠: ل٤٦)

هەر لە باسی حەمە ئاغادا، مەسعود مەحەمەد دەڵێت « کەسێکی باڵابەرز بووە و زۆریش گرنگی بەڕێکپۆشی و جوانی جل و بەرگی نەداوە. هەروەها ئەو موڵك وماڵەی حەمە ئاغا لەبەردەستیدا بووە، هەمووی بەخۆی کڕیوەتی و یاخود بەکرێ لە دەوڵەت وەریگرتووە (محەمەد، ٢٠١٠: ل٤٨). برایەکی لەخۆی گەورەتری هەبووە، بەناوی (سمایل ئاغا)، بە بەڵگەی ئەوەی قادرئاغای کوڕی سمایل ئاغا و حەمە ئاغا ولاش زاوا بوونە و هەردووکیان سەروو کچێکی حاجی ئەسعەدئاغای حەوێزییان هێناوە» (محەمەد، ٢٠١٠: ل٤٧).

یەکەم کاری کە بەدەستییەوە گرتبێتی ئەوا (ئاغادەربەندی/ میرقەڵاتی) بووە، شوێنی وەزیفەکەی هەم دەربەند بووە و هەمیش قەڵاتێکی سەردەمی پاشایڕواندووزی لێبووە (محەمەد، ٢٠١٠: ل٤٩). بەڵام لەم ماوەیەدا ڕووداوێك لەدەستیدا ڕوودەدات، ئەویش کوشتنی زڕدایکییەتی. مەسعود مەحەمەد هۆکاری ئەم کوشتنەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی جارێك میوانی زۆرڕوی تێدەکەن و حەمە ئاغاش بە کەسێکی میوان دۆست و ناندەربووە، وە شانازیشی بەوەوە دەکرد. گوایەکاتێك نان بۆ میوان دەهێنن نانەکە کەمیکردووە وئەویش بەخۆیدا دەشکێتەوە و دەچێتەوە دیوی ماڵەوە کە زڕدایکی سەرپەرشتی ماڵەکەدەکات ولە ئەنجامی تووڕەبوونێکی زۆر و دەمەقاڵێ نێوانیان دایکی دەکوژێت، لە کاتی سەرەمەرگی ئەو زڕدایکەدا، بەحەمە ئاغا دەڵێت "تووکت لێناکەم، ئەمما ئەوەندەم لە خوا دەوێ کڵاو سوور لەدواتەوە نەوا"، واتە نێرینە لە دواتەوە نەوات، کوڕی خۆی بەدوای خۆیەوە نەبینێ (محەمەد، ٢٠١٠: ل٥٠).

حەمە ئاغا هەمیشە وەکوکەسێکی کاسبکار وچاکەخواز و خێرخواز دەرکەوتووە و هەوڵیداوە زۆر کێشە دروست نەکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکات بارودۆخەکە وایخواستووە کەڕوو بەڕووی دەسەڵات و دەوڵەتیش ببێتەوە، هەروەکو مەسعود مەحەمەد لە شوێنێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حەمە ئاغا ماوەیەك لە دەوڵەتی عوسمانی یاخی دەبێتەوە و بە چەکدارەکانییەوە دەچێتە

چیای دێدەوان، لەم کاتەدا فەتاحی کوڕی دەروێشی کوڕی بابیل کە قسەڕەوانی گوندی بانەمورد بووە و زۆر هاوکاری حەمە ئاغا و سەربازەکانی دەکات بە پێدانی خۆراك و پێخۆر و هەموو جۆرە هاوکارییەك، هەر بۆیە هەندێ خەڵکی گوندەکەی خۆی ئیخباری دەکەن گوایە یارمەتی یاخیوبووەك دەدات، هەربۆیە دەیگرن و بە گوریسێك بە ناوقەدی ئێسترێکەوە دەیبەستنەوە و بە ڕاکێشانی ئێستر بە مەیلەو غار تاکو کۆیەی دەبەن (محەمەد، ٢٠١٠: ل١٠٣-١٠٤).

### دووەم: هەڵمەتی تەقییەدین پاشا و گیرانی حەمە ئاغا:

لە ساڵی ١٢٨٤ك تەقییەدین پاشا[4] والی بەغدا هەڵمەتێك دەکات بە مەبەستی دەستگیرکردنی سەرکردەی هۆزی مەنگوڕ، بۆ ئەمەش بەڕێگای کۆیە دەچێتە بیتوێن و پشدەر، لە گوڕانەوەدا کە پیاوە دیارەکانی غەفورییەکان لە گوندی (میر سەیید) خۆیان حەشار دەدەن و بە شەویش لەوێ دەخەون، بەڵام لەم کاتەدا ئافرەتێك هەڵدەستێ بە ئیخباریکردنی غەفورییەکان، کە ئەم ئافرەتە ناسناوی (کەسکەفەندی) بووە، بەمەش تەقییەدین پاشای والی بەغدا لە شەوێکدا هێرش دەکاتە سەر غەفورییەکان و لە شەڕێکدا براگەورەکەی حەمە ئاغا، بەناوی (سمایل ئاغا) دەکوژرێ و حەمە ئاغاش دەتوانێ بکوژی برایەکەی (هەیتەیەك بوو بەناوی سمایل ئاغا) بکوژێتەوە، بەڵام شمشێرێك بەر بناگوێی دەکەوێ و تاکو مردنیشی شوێنی برینەکەی هەر دیار دەبێت و خوزاوی لێهاتووە، بەمەش بە برینداری دەکەوێتە دەستی سوپای عوسمانییەکان. لەم شەڕەدا زۆربەی غەفورییەکان دەردەچن و دەتوانن ڕابکەن، بەڵام مەحمودئاغا و حەمە ئاغای کوڕەکەی بەدیل دەگیرێن، هەرچەندە مەسعود مەحەمەد دوو بۆچوون لەبارەی مەحمود ئاغاوە باس دەکات، لەوانە لەسەرەتادا دەگیرێت دوای ماوەیەك مەحمود ئاغا ئازاد دەکرێت وە هەندێکیتر دەڵێن مەحمودئاغا هەر نەگیراوە هەر لە ئەنجامی هاتوچۆی نێوان کۆیە و کەرکوك و بەغدا بەهۆی زیندانی و سۆراغکردنی بەردەوامی حەمە ئاغاوە لە کەرکوك نەخۆشدەکەوێت و لەوێ گیانی سپاردووە (محەمەد، ٢٠١٠: ل٥٨) .بۆ سەلماندنی بۆچوونی دووەمیش ئەوا لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا لە نامەیەك کە بۆ ویلایەتی بەغدا نێردراوە لە ریکەوتی (١٩-

4 تەقییەدین پاشا: کوری عەبدولرەحمان حەلەبی، لە سەرەتای خوێندنی دا بە خوێندنی ئایینی دەستپێکردوە و دواتریش بۆتە موفتی شام، دواتریش لە تەمەنی 51 ساڵێدا لە ساڵی 1868 بۆتە موتەسەریفی ویلایەتی شارەزور، لە دواتریش دا بۆتە والی بەغدا. (Cunbur, 2007: 162).

ڕەجەب-١٢٩٠ی کۆچی) کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات حەمە ئاغا لە بەغدا زیندانی کراوە و باوکی هەمیشە لە هەوڵی ئازادکردنی دابووە(MKT_MHM___٠٠٤٦٣ {A_١_٠٠١٠١_٠٠١_٠٠١).

هەر لەمبارەوەش کاپتن های لە باسی حەمە ئاغادا دەڵێت"ئەو لە سەردەمی گەنجێتیدا شەڕی تورکەکانی کردوە و دواتر بۆماوەی پازدە ساڵ گیراوە، تەنانەت لە شەڕی تورکەکاندا بەشێکی گوێی لێبۆتەوە، هەمیشە ئەو برینەی بووبووە کێشەی بۆی" (Hay, ١٩٢١: p١٢٨)، بەڵام دەیگوێزنەوە بۆ کەرکوك و دواتریش دەیبەنە بەغدا، بۆ ماوەی پازدە ساڵ زیندانی دەکرێت و لە زینداندا لۆقنتە (کافتریایەکی بچووك) دروست دەکات و خواردن بەبێ بەرامبەر دەدات بە زیندانیان و کارمەندانی زیندانییەکە لە سەر ئەرکی خۆی. کە بۆ ئەم ماوەی زیندانییەشی خوشکەکەی بەناوی (زیێدخان، خێزانیڕەسوڵی کەریم ئاغای ئامۆزای حەمە ئاغا بووە) وە چەند کەسێکیتر بەردەوام کاری چێشت لێنان و مەتبەخچیەتییان بۆحەمە ئاغا و زیاندانیانی زیندانەکە کردووە. تاکو لە ساڵی ١٢٩٩ك و لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا لە زیندان ئازاد دەکرێ(محەمەد، ٢٠١٠: ل٥٤-٥٨) کە ئەوکاتە تەنها حەسەن ئاغا برا بچوکەکەی دەمێنیت لە ژیان(محەمەد، ٢٠١٠: ل٥٨). ئەگەرچی بەر لە هاتنە دەرەوەی لە زینداندا تۆزێك کار ئاسانی بۆ دەکرێت، ئەویش بەهۆی هەوڵەکانی باوکییەوە کە هەوڵدەدات لە زیندان دەریبهێنیت، هەر لەمبارەیەوەش مەسعوود مەحەمەد لە کتێبەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە حەمە ئاغا ماوەیەك لە شاری کەرکوك دەستبەسەر دەبێ و لە ماڵی (نازم بەگ)، کە لە بنەماڵەی نەفتچی و دەسەڵاتدارێکی بەناوبانگ بووە (محەمەد، ٢٠١٠: ل٩٧). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە هەموو ماوەی زیندانییەکەی لە بەغدا بەسەر نەبردووە.

ئەوەی جێگای سەرنجە، لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا لە نامەیەك کە بۆ ویلایەتی بەغدا نێردراوە لە ڕێکەوتی (١٩ڕەجەب-١٢٩٠ی کۆچی) کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات حەمە ئاغا لە بەغدا زیندانی کراوە و دەڵێت" لە سەنجاقی شارەزووردا، لە خانەدانزادەکانی قەزای کۆیەدا، مەحمود ئاغازادە (حەمە ئاغا) کە بە سزادانی هەتاهەتایی سزادراوە و یازدە ساڵە دەستگیرکراوە، سەبارەت بە لێبوردنی ناوبراو، کە شەش ساڵی حوکمەکەی لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ویلایەتی بەغدا ماوەتەوە. تاوانباری ناوبراو بە دۆسیەکەیەوە بۆ ماوەیەکی کاتی سزادانەکەی گواستراوەتەوە. تاوانباری ناوبراو دۆسیەکەی سەبارەت بە هۆکاری دەستگیرکردنەکەی بە تەلەگراف شیکردراوەتەوە و بۆ دیوانی یاساکان نێردراوە. لەگەڵ ئەمەش دا ئاغای ناوبراو مالیەکەی کە دیاریکراوە، ئاغای ناوبراو

لەگەڵ برادەرەکانی، یەکێك لە کچەکانی بەقال باشی مەحمود (مەحمود سەرۆکی بەقالەکان) بەناوی کەسکە یاشینجە بۆ ماڵی یەکێ لە برادەرکانی بردراوە و کوشتراوە. لەدوای ئەم کوشتنەش لەگەڵ هەندێ لە دۆستەکانی بەهۆی بەردەوامیان لە شەقاوەت و ڕپینی ماڵی خەڵکیدا، لە ئەنجامی ئەم بەدواداچونانەدا، وە بەپێی ماددەی دووەم، یاسا سزای هەتا هەتاییەکەی بەردەوامە ، هەر لە ڕێکەوتی ٤ – جماد الأول – ١٢٨٦ دۆسیە هاتووەکەی بەتەواوی نییە (تەنزیم نییە = کێشەی تێدایە)، هەربۆیە سەبارەت بە چۆنییەتی جێبەجێکردنی سزاکەی جارێکیتراویێژ بە ئەنجومەنی والاْ[5] کراوە، تاکو هەوڵدان و چارەسەری دۆسیەی ناوبراو سەرلەنوێ بخرێتە ڕپیاردانەوە"(A_}MKT_ ٠٠٤٦٣___MHM_٠٠١٠١_٠٠١_٠٠١).[6]

ئەوەی لەم بەڵگەنامەیەدا دەبینرێت، حەمە ئاغا تاوانباریش کراوە بە ڕپینی ماڵی خەڵك و بەمجۆرە حوکمەکەی بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام بە ووردبونەوەی زیاتر لە بەڵگەنامەکە دەریدەخات کە حەمە ئاغا بە هەوڵەکانی باوکی، هەروەها بەهۆی ڕاون بوونی (تەنزیم نەبوونی) کەیسەکەی یاخود بڵێین ڕاستیبونی کەیسەکەی، ئەوا تاوانەکەی بەسەردا ساغ نەبویێتەوە و بەسزایزیندانی هەتا هەتایی یاخود لەسێدارە نەدراوە. زیاتر لەوەش لە بەڵگەنامەیەکی تایبەتدا بەکۆدی (DA ..I.A.O.B..٦,١٠٣,٠) سەبارەت بە کوژرانی کەسکە مەحمود کەریم دا لەبەرواری ١٤-٥-١٢٨٦ لەماڵی شیهان ناوێکدا کوژراوە، ئەگەرچی ئەم بەڵگەنامەیە نوێیە لەنێو ماڵپەڕی ئەرشیفی عوسمانیدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی سەر ئەم ماڵپەڕە ئاماژە بە حەمە ئاغا ناکات کە بکوژی ئەم ئافرەتە بووبێت، ئەمە لەکاتێکدا بەپێ مەسعود مەحەمەد، ئەوا هەڵمەتەکەی تەقییەدین پاشا و گیرانی حەمە ئاغا لەساڵی ١٢٨٤کڕویداوە، بەڵام کوژرانی کەسکە لە ساڵی ١٢٨٦کڕویداوە، واتە لەوکاتە حەمە ئاغا لە زینداندا بووە (محەمەد، ٢٠١٠: ل٥٨).

---

5 ئەنجومەنی والا: ئەم ئەنجومەنە لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، ئیشی ئەم ئەنجومەنە ئەوەبوو کاری نێوان خەڵك و حکومەت جێبەجێ بکات، واتە پردی پەیوەندی نێوانیان بوو. دواتر ئەم ئەنجومەنە لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشێنرایەوە و لە جیاتی ئەو ئەنجومەنی شورای دەوڵەت دامەزرا. (باجگر، ٢٠١٨: ١١).

6 بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە، بروانە پاشکۆی ژمارە (2) لە لیستی پاشکۆکاندا.

## سێیەم:ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شێخ بزێنییەکاندا:

حەمە ئاغا هەر لە دوای هاتنە دەرەوەی لەزیندان، بۆ بەرگریکردن لە دەستدرێژی هەمەوەندەکان بۆسەر شاری کۆیە وناوچەی غەفوورییەکان، ئەوا دۆستایەتی لەگەڵ شێخ بزێنییەکانڕێکدەخات، چونکە هەندێ لە هەمەوەندەکان زوو زوو هێرشیان دەکردە سەر شارەکە (DH. MKT. ٠١٦٦٠,٠٠١٤٣,٠٠١). دواتریش خودی ئەم شێخ بزێنییانە بوونە کێشەیەکی گەورە بۆحەمە ئاغا و شاری کۆیە، چونکە دوای سوودمەند بوونیان لە بەروبوومی کۆیە، ئەوا تەماحیان لە کۆیە کرد و خەریکی خۆ سەپاندن بوون لە کۆیە(Hay, ١٩٢١:p١٢٨). دواتریش هەر بەوە نەوەستان و کەوتنە تاڵانکردنی شاری کۆیەوڕاو وڕووتی ئەم شارە وڕێگرتن لە خەڵك. ئەم کێشمەکێشمەی نێوانیان نزیکەی ٢٥ ساڵی خایاند (محەمەد، ٢٠١٠: ل٥٩-٦٠)

بۆ ئەم بابەتەش بەڵگەنامەیەکی عوسمانی ئاماژە بە مەترسی شێخ بزێنییەکان دەکات لە ناوچەکە و تەنانەت پێشبینی جولاندنی هێز دەکەن بۆ دەرکردنی شێخ بزێنییەکان لە ناوچەکەدا، هەروەکو لە بەڵگە نامەکەدا ئاماژە دەکات " بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوەخۆ / کۆمسیۆنی کاروباری خێرا - وەڵام دەربارەی هۆکارەکانی ١٨- مایس- ١٣١٨ڕۆمی کە پێشبینی تاڵانکاری و تێکدانی کاروبار کرا، لەگەڵ ئەمەش دا لە وەڵامی سەرەتایی تاڵانکارییەکاندا دووبارە ئاگاداری دراوە بە حەمە ئاغا لە بارەی دەستکەوتەکان تەنها لە گوندی قازبەگ بەیانکراوە. لەمەش زیاتر هیچ شتێکیتری نەناردۆتەوە،ڕوس لە کاتی گوزارشت لە پێداگریدا کە وەڵامنامەیەکی بۆ متەسەرفییەت نووسیوە، کە لە تاڵانکراوەکانی حەمە ئاغا و میرزا قادر وڕەسول ئاغا کارکراوە. ئەگەر نەیدات، هێزی سەربازی لە سزادانی دارایی کەرکوك داڕێکەوتبوو وە لێرەش دووبارە حەمە ئاغا ئاگادار کراوەتەوە کە وەڵامی کارە ئەنجامدراوەکانی داوەتەوە و هێزی ئامادەکراو تاکو هاتنی ئێرە هەر چەند خانوو و ماڵ و هەرچەند کشتوکاڵی هاوڵاتیان زەرەر پێبگەیەنێت بەمەش ئەم هێزە سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر هێزی ئامادەکراو بۆ ئێرە جوڵە بکات، ئەوا ئاسایش لە ناوچەکەدا تێکدەچێت و نامینێت. هەر بۆیە لە حاڵی پەرێشانی خەڵکی ناوچەکە لە تێبینییە بەهێزەکاندایە کە دەبێ ڕەچاوبکرێت. لەبەر ئەمەشە زەرەرگەیەنەری ئەم قەزایە ئاغایەکانی شێخ بزێنییەکان کە ناوچەکە بەدەست دەهێنن، بەمەش بۆ چارەسەری کێشەکەی کۆیە، هەرڕیارێك لە قائیمقام حیلمی بەگەوە دەربچێت، پێویستە جێبەجێ بکرێت"(BEO_٠٠١٨٧٤ _ ١٤٠٤٩٤_٠٠٤_٠٠١).

تەنانەت گرژی و ئاڵۆزی لە گوندی (خرابە) دروستبوو لە نێوان حەمە ئاغا و شێخ بزێنییەکان، کە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە جەمیل ئاغای کوڕی حاجی ئەسعەدئاغا هەڵدەستێ بە فرۆشتنی گوندی (خرابە) بە تۆفیق ئاغای شێخ بزێنی، بەمەش حەمە ئاغا پێی ناخۆش دەبێت و بەدوای جەمیل ئاغا دەنێرێت و پارەی پێویستی دەداتێ وگوندەکە دەکڕێتەوە و پارەی تۆفیق ئاغای شێخ بزێنیش دەداتەوە و لەمەوەگوندەکەی لەسەر تاپۆ دەکات و خوارزایەکی خۆی کە زاواشی بوو، بەناوی ساڵح ئاغا[7] لەسەر ئەم گوندە دادەنێت، هێندەی پێناچێ لە دەرفەتێکدا شێخ بزێنییەکان کە هەست دەکەن ساڵح ئاغا لە دەرەوەی خرابەیە، هەڵدەستن بە هێرشکردنە سەر ئەم گوندە، بەڵام دەستبەجێ ساڵح ئاغا دەگەڕێتەوە و دەیەوێت گوندەکە کۆنتڕۆڵ بکاتەوە (محەمەد، ٢٠١٠: ل٦٠).

هەر ئەمەش وایکرد بەهۆی ئەم هێرش و تاڵانکارییەی شێخ بزێنییەکان حەمە ئاغا ومەلای گەورە هەوڵدەدەن بە پەیوەندیکردن بە متەسەریفییەتی کەرکوك لەڕێگەی بێتەلەوە،[8] بەڵام بەبێ سوود بوو، دواتر پەیوەندی بە ویلایەتی موسڵەوە کردبوو وە لەبارودۆخی خۆیان ئاگادارییان کردبوونەوە، بەڵام ئەوانیش وەڵامیان نەدابۆوە. ئینجا داوایانکردووە نامەیان بگەیەنێتە وەزیری ناوەخۆی ئەوکاتی دەوڵەتی عوسمانی، وەزیریش لە وەڵامدا پرسیبووی ئایا هۆی ساردی نێوان شێخ بزێنی و حەمە ئاغا چییە؟ بەمەش لە وەزیری ناوەخۆش بێ ئومێد بوبوون و ئەمجارە هەڵدەستن بە ناردنی تەلەگرافنامەیەك بۆ دیوانی سوڵتان (مابین-بلاط) بنێرن تاکو لەو بارودۆخەیان ئاگادارییان بکەنەوە. بەمەش بە فەرمانی سوڵتان، والی نقل دەکرێت و موتەسەریف لادەبردرێت لە کارەکەی و زۆربەی بەرپرسە سەربازییەکان گۆڕانکارییان پێدەکرێ وبە فەرمانی سولتانی هێزێك بە فەرماندەی نوێوە دەنێرن بۆ دەستگیرکردنی پیاوماقووڵ و دەستوێشتووەکانی شێخ بزێنییان. بەمەش ماوەیەك ئەم بەرپرسانەی شێخ بزێنییەکان زیندانی دەکرێن و قەرەبووی زەرەر و زیانەکەش دەدەنەوە خەڵکی کۆیە و لەم قەرەبووەش دا ٤٠ لیرە دەدرێت بە مەلای گەورە (محەمەد، ٢٠١٠: ل٦٢-٦٣).

---

7 بۆ ناوی ئەم کەسایەتیانە (جەمیل ئاغا، حاجی ئەسعەدئاغا، تۆفیق ئاغا، ساڵح ئاغا) کە لە سەرەوە ناویان هاتووە، زۆر لە سەرچاوەکاندا گەراین، بەڵام هیچ زانیارییەکمان لە بارەیانەوە دەستنەکەوت. توێژەران.

8 ئەوکاتە بەڕێوەبەری تەلەگرافنامە (نائل ئەفەندی) بوو، کە تورکێکی خەڵکی ئەستەنبۆڵ بووە و پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ مەلای گەورە زۆر بەهێزبووە، سەرجەمی ئەم هەموو هەوڵانەی مەلای گەورە و حەمە ئاغاش بۆ ئەم بابەتە هەمووی ماوەی ٣-٤ رۆژی خایاندووە و سەرجەم مەسرەفەکانی ئەم پەیوەندی کردنەش لە ئەستۆی حەمە ئاغا بووە.(محەمەد، ٢٠١٠: ل٦٢)..

لەگەڵ ئەمەش دا لەنامەیەکی وەزارەتی ناوەخۆی دەوڵەتی عوسمانی کە بۆ سەرۆکایەتی وەزیران نێردراوە و دەردەکەوێت ماوەیەك حەمە ئاغا و بەرپرسانی شێخ بزێنیەکان لە موسڵ دەمێننەوە بەمەبەستی چارەسەربوونی کێشەکەیان، هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ودەڵێت " بابی عالی (سەرۆکایەتی وەزیران)- نوسینگەی نوسراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوەخۆ - ژمارە:٢٦٦٣ / بۆ: جەنابی پایەدار سەرۆکی وەزیران - بۆ: هەموو لایەنی پەیوەندیدار: لە نێوان عەشایەرەکانی قەزای کۆیە وڕانیە لێکدوورکەوتنەوە دروستبووە، بەمەش توانای کاروباری گشتی دەوڵەتی لە ناوچەکەدا تێکداوە، بۆ دەستپێکردنی چاکسازی لە نێوان عەشایەرە ئاماژە پێکراوەکان، کە بەرژەوەندییەکانی لایەنگرانیڕەسول ئاغا و حەمە ئاغا لە قەزای کۆیە بە دەست بهێنرێت، کە بە هۆی هەبوونی ئەم دووانە لە ناوچەکەدا بە گشتی چاکسازییەکانی حکومەت لە ناوچەکەدا قورس دەبێت. تاکو دۆزینەوەیڕێگەچارەیەکی گونجاو لە نێوان ئەم عەشایەرانەدا، وا بە باش دەزانرێت کە ڕێگە بدرێت بە مانەوەی حەمە ئاغا وڕەسول ئاغا بۆ ماوەیەکی کاتی لە موسڵ. وە بە پێی گوتەی یەکێك لە ئەندامەکان کە لە تەلەگرافنامەی بەرواری ١٢- تشرین الاول- ٣١١ ڕۆمی پێشکەشکراوە، وەڵامدانەوەی بەدواداچوونەکان وابەستەیڕای گشتی و کاری سەرۆکایەتی وەزیرانە. لە مبارەیەوەش ئەمر و فەرمان لە خاوەنشکۆوەیە.لە ١٢-جماد الاول-١٣١٣کۆچی/١٩-تشرین الاول-١٣١١ ڕۆمی - وەزیری کاروباری ناوەخۆ:ڕەهیب"(BEO_٠٠٠٧٠٠ _٠٥٢٤٨٥_٠٠٢_٠٠١).[9]بەم ەش چیتر شێخ بزێنییەکان نەیانتوانی وا بەئاسانی هێرش بکەنەوە سەر شاری کۆیە و تاڵانکاری ئەنجامبدەن(محەمەد، ٢٠١٠: ل٦٤).

هەروەها لە فەرمانێکی سەرۆکایەتی وەزیرانیشدا هاتووە: "بابی عالی (سەرۆکایەتی وەزیران)/ نوسینگەی نوسراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوەخۆ - تەلەگرافنامەیەکی هاتوو لە ویلایەتی موسڵەوە بۆ وەزارەتی ناوەخۆی پایەدار... لە نێوان عەشایەرەکانی قەزای کۆیە وڕانیە لێکدورکەوتنەوە دروستبووە، بەمەش توانای کاروباری گشتی دەوڵەتی لە ناوچەکەدا تێکداوە، بۆ دەستپێکردنی چاکسازی لە نێوان عەشایەرە ئاماژە پێکراوەکان، کە بەرژەوەندییەکانی لایەنگرانیڕەسول ئاغا و حەمە ئاغا لە قەزای کۆیە بەدەست بهێنرێت کە بەهۆی هەبوونی ئەم دووانە لە ناوچەکەدا بە گشتی چاکسازییەکانی حکومەت لە ناوچەکەدا قورس دەبێت. تاکو دۆزینەوەیڕێگەچارەیەکی

9 بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەی عوسمانی لەمبارەوە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (3) لە لیستی پاشکۆکاندا.

گونجاو لە نێوان ئەم عەشایەرانە، وا بە باش زانرا کەڕێگە بدرێت بە مانەوەی حەمە ئاغا ورەسول ئاغا لە موسڵ بۆ ماوەیەکی کاتی. مشیر حەمەدفرمان ١٢-تشرین الاول-١٣١١ / مەحەمەد ساڵح" (٠٠١_٠٠٣_٥٢٤٨٥_BEO_٠٠٠٧٠٠).

**تەوەرەی دووەم : شۆڕی (خدران) و سەرکەوتنی حەمە ئاغا لە ئامانجەکەیدا**

**یەکەم: هۆکار و ئەنجامەکانی دروستبونی شۆڕەکە:**

شۆڕی خدران دەگۆڕێتەوە بۆ ئەنجامی ململانێی نێوان حەمە ئاغا و سەیید ئەحمەد، کە سەرئەنجام بە شۆڕی خدران و لادانی سەیید ئەحمەد لە پۆستی قائیمقامی کۆیە کۆتایی پێدێت، هەرچەندە طاهرأحمد حەوێزی نوسەری کتێبی مێژووی کۆیە، سەرەتای کێشەکەی نێوانیان دەگەرێنێتەوە بۆ ئەوەی گوایە سەیید ئەحمەد نامەیەك بۆ حەمە ئاغا دەنێرێت و پێی دەڵێت "ولاغێکی باشت هەیە، بە دیاری بێ، بە پارەبێ، بۆم بنێرە"، حەمە ئاغاش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت "ئەو هێشتا ئەو پیاوە نییە، کە سواری ولاغی من بێ". دواتر سەیید ئەحمەد داوا لە دەوڵەت دەکات داییمەزرێنن وەکو قائیمقامی (ڕانیە) تاکو لەوێوە زەرەر لە بەرژەوەندەییەکانی حەمە ئاغا بدات، بۆ ئەمەش سەردانی کۆیە دەکات، بۆ ئەوەی لەڕێگەی کۆیەوە بچێتەڕانیە، بەڵام حەمە ئاغای غەفوریيان پیاوەکانی دەنێرێتە چیای هەیبەت سوڵتان بۆ ئەوەی کەمینی بۆ دابنێن، بەمەش دوایڕزگار بوونی لەم کەمینە بۆێگای سووررداش دەچێتەوە سلێمانی و داوای هاوکاری لە هۆزەکانی میراودەلی و جافەڕەشەکان دەکات تاکو بە سوپایەکەوە بەرەوڕانیەڕبوات (حەوێزی: ل٩٥).

کوێخا حەوێزی شاخە پیسکە[10] کە خۆی لەو شۆڕەدا بەشداریکردووە و باس لە هۆکاری دروستبوونی ئەم شۆڕە دەکات و دەڵێت "سەیید ئەحمەدی بابەڕەسول، کە لە ساداتی سلێمانی بوو، لە سەردەمی عوسمانلییەکاندا فەرمانی حکومەتی بۆ دەرچوو بە قائیمقامییەتیڕانیە، حەماغا (بگرە تێکڕای غەفووریيان) بەرژەوەندیان لەوەدا نەدیت دەسەڵاتدارێکی وەکوسەیید ئەحمەدی بابەڕەسول لەڕانیە ببێتە قائیمقام و لەنگەری دەسەڵات بە بارێکدا بچێت کەوارەنگە بەزەرەری خۆیان تەواو ببێت، حەماغا وەڵامی بۆسەیید ئەحمەد نارد کە، واز لەو نیازە بهێنێ وڕێیڕانیە نەگرێتەبەر، سەییدئەحمەد بەوەدارڕژدتر بوو لەسەر مەبەستەکەی وڕیباریدا بە شۆڕیش بێت هەر بچێت بۆڕانیە" (محەمەد، ٢٠١٠: ل١٠٧).

10 بۆ ئەم ناوە لە سەرچاوەکاندا گەڕاین، بەڵام هیچ زانیارییەکمان دەستنەکەوت. توێژەران.

سەرئەنجام شەڕی (خدران) لە نێوان هێزەکەی سەیید ئەحمەد و هێزەکەی حەمە ئاغا بە سەرۆکایەتی قادرئاغادروست دەبێت و بە شکستی ئەو حەمە ئاغا کۆتایی دێت (حەوێزی ، ل٩٥). لەم شەڕەدا حەمە ئاغاڕاستەوخۆ بەشداری نەکردووە و لە کۆیە ماوەتەوە، هەرچەندە زۆر گەڕاین بۆ زانینی هۆکاری بەشدارینەکردنیڕاستەوخۆی شەڕەکە، بەڵام نەگەیشتین بە وەڵامێکی گونجاو. هەرچەندە دواتر بە بیستنی هەواڵی شکستی لەشکرەکەی، ئەو دەچێتو زۆر کەس داوای لێدەکەن نەڕوات، بەڵام بە گوێیان ناکات، تاکو لە «دەباخان» کەسێك بە ناوی (برایم) دەچێتە پێشی و داوای لێدەکات بگەڕێتەوە و نەچێت، ئینجا بە قسەی دەکات و دەگەڕێتەوە (حەوێزی ، ل٩٦). بۆ ئەم شەڕە حەمە ئاغاش لەشکرێکی لە ئاکۆ و بلْباس و خۆشناو[11] وخەڵکی وڵاتی کۆیە کۆکردەوە کە دوو هەزار کەس دەبوو و سەرجەم مەسرەفی خواردن وئامادەکارییەکانی ئەم شەڕەش لە ئەستۆی ئەو بوون. کوێخا حەوێز دەڵێ «لەشکری حەمە ئاغا لەشوێنەسەختەکان خۆیان توندکردبوو، تفاقیش وەها رێکخرابوو لە سەنگەرەکاندا چێخی گەورەیان ڕاخستبوو، بەمەنجەڵ پڵاوی لە سەر ڕۆدەکرا بۆلەشکر، هەروەها بە ئێستریش کوندە ئاو بۆ سەنگەرەکان دەچوو، بە بار نان دابەش دەکرا. وەستای چەخماخ ساز بە سەنگەرەکاندا دەگەڕا تا ئەگەر یەکێك فیشەکی پێنەمابێ بۆی داگرنەوە، تەنانەتناڵبەند دەگەڕا وڵاغی خواسی ناڵ دەکردەوە،لەشکر لەو سەنگەرە سەختانە کەوتنە جووڵەجووڵ و بێ ئۆقرەیی، وردە وردە هەر تاقمە سەنگەری بەجێهێشت و بەرەو ماڵی خۆی تێی دەقوچاند» (محەمەد، ٢٠١٠: ل١٠٧).

لەئەنجامدا سەیید ئەحمەد سەردەکەوێت لەشەڕەکەدا و دەتوانێ خدران بگرێت، تەنانەت دەچێتە دیوەخانەکەی قادرئاغا و داوای قاوەیەك لە قاوەچییەکەی قادرئاغا دەکات و دوای خواردنەوەی،بە حەوت گولـــــە قاوەچییەکە دەکوژێت و دەڵێت «وەختی خۆی سوێندم خواردبوو، حەتا قاوەچیشی بکوژم» (حەوێزی، ل٩٥). ئینجا هەرچی گوندی ناوچەکانی بیتوێن وڕانیە هەبوو، کە هی حەمە ئاغا و دۆستەکانی بوون، سوتێنران و تاڵانکران (حەوێزی، ل٩٥).

ئەگەرچی لە مەیدانی شەڕدا سوپاکەی حەمە ئاغا شکستی هێنا، بەڵام لە ئەنجامدا هەر ئەو

---

11 بەوردبوونەوەمان لە بەڵگەنامە عوسمانییەکان بۆمان دەردەکەوێ، کە هۆزە کوردییەکانی وەکو ئاکۆ و بلباس و خۆشناو، هاوسۆزی حەمە ئاغا بوونە لە ڕووبەڕووبوونەوەی شێخ بزێنییەکان و لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەیید ئەحمەد دا لایەنگیری حەمە ئاغایان کردووە (BEO_001874_140494_003_001).

سەرکەوتوبوو لە پێکاندنی ئامانجەکەی و توانی نەهێڵێت سەییدئەحمەد لە پۆستی قائیمقامیڕانیە بهێڵێتەوە، تەنانەت کوێخا حەویز کە بەشداری شوەکەی کردبوو، دەڵێت «دەوڵەتی عوسمانلی ویستی قەرەبووی خەسارەکەی حەمە ئاغا بکاتەوە، بەڵام ئەوا گوتبووی «هیچ خەسارەم لێنەکەوتووە« (محەمەد، ٢٠١٠: ل١١٠).

لەمبارەوە لە ناوڕۆکی یەکێك لە بەڵگەنامە عوسمانییەکاندا نووسینەکانی مەسعود مەحەمەد پشتڕاست دەکاتەوە ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دەکات و دەڵێت « بۆ بەڕێز: داواکاری گشتی لە موسڵ، وێنەیەك لە تەلگرافنامەی بەرواری ٢٧- شوبات- ١٣١٨ی ڕۆمی - لە نێوانی گەورەکانی بەرزنجە شێخ ئەحمەد ئەفەندی وە حەمە ئاغای کۆیە هەندێ ڕوداوی دووبەرەکیڕویانداوە کە سەیید ئەحمەد هەڵساوە بە کۆکردنەوەی عەشیرەتەکانی وەکو شێخ بزێنی و شیر و بورتاس، ئینجا هێرشی کردۆتە سەر گوندەکانی ژێردەستی حەمە ئاغا و دوای تاڵانکردنی گوندەکە و کوشتنی خەڵکی گوندەکانی سەر بە ناوبراو، ئینجا حەمە ئاغاش بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە و بەرگریکردن هەڵساوە بە کۆکردنەوە و وەرگرتنی هاوکاری لە عەشیرەتەکانی مەنگوڕ و ئاکۆ و چەند عەشیرەتێکیتری ناوچەکە و هەڵساوە بەڕاونانی شێخ بزێنییەکان و کوشتن و ڕپینی ئەوان. بەمەش داواکارانی گشتی لە سەنجاقی کەرکوك و سلێمانی هەڵساون بە ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوان سەرۆکی عەشیرەتەکاندا، ئەمەش بە مەبەستی تەمبێکردن و لێپێچینەوەی ئەم تاوانە و هەروەکو لەلایەن فەرمانبەرانی دادورەی ویلایەتەوە بە نووسراوی بەرواری ٢٢- أغوستوس- ١٣١٧ی ڕۆمی بە مەبەستی ئاگاداربوون لەڕوداوەکان و باوردۆخی ناوچەکە هەڵساون بە ئاگادارکردنەوەی شورای دەوڵەت و سەرۆکایەتی پایەداری دەوڵەت بە مەبەستی لێکۆڵینەوەکردن لەم ڕوداوانە« (BEO_٠٠١٨٧٤_١٤٠٤٩٤_٠٠٣_٠٠١).[12]

لە بەڵگەنامەیەکیتردا ئاماژە ئەنجامدانی چاکسازی لەنێوان عەشیرەتەکان و چارەسەرکردنی کێشەکە دەکات و دەڵێت "لە نێوانی گەورەکانی بەرزنجە شێخ ئەحمەد ئەفەندی وە حەمە ئاغای کۆیە هەندێ ڕوداوڕویانداوە کە ناوبراوان هەندێ پیاوانیان لە عەشیرەتەکانیان کۆکردۆتەوە و بووەنەتە هۆی توندوتیژی نواندن بەرامبەر موڵك و ماڵی یەکتری و سوتاندن و لەناوبردنی هەندێ گوند و کوژرانی ژمارەیەکی زۆری خەڵك و دەربەدەر بوونی خەڵکەکە. لە ئەنجامی ئەمەش دا بە پێی بەلاغی کاورباری دادوەری تایبەتی کە لەلایەن ویلایەتی موسڵەوە ئاگادارکراونەتەوە،

12 بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤) لە لیستی بەڵگەنامەکاندا.

بەرژەوەندیان دڵنیا نابێتەوە، بەمەش بە پێداچوونەوەی داوای گشتی لە ویلایەتی موسڵەوە بۆ وەزارەتی داد ی پایەبەرز لەگەڵ بڵاوکراوەی باڵای دەوڵەت کە تیایدا داوای پێداچوونەوەی خێرا کراوە لە ٣٠- شوبات- ٣١٨ ڕۆمی بە ژمارە حەوت سەد و چل و سێ کە فەرمان بە ئاگادارکردنەوە سەرۆکایەتی کراوە. ماوەیەکە لەڕووداوەکانی نێوان ئەم عەشایەرانەدا چەندین ڕووداو ڕویانداوە، کە لە پێشتریش دا گروپێك کەسانی حوکمکراو بەوکەش کە لێبوردنی باڵایان بۆ دەرکرابوو، لە دادگاییکردنەکانی کۆیەدا کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش خەسارە و زیادەکانی زیاد بوبوو، دەربارەی ئەم بابەتە دەستەی بەرێوەبردنی ئەنجومەنی متەسەریفیەی کەرکوك، کە بەیاناتی مخاصەماتی مەبحوثە بەشێکی لە پێشڕودانیدا، بیروباوەڕە سەربازییەکانی قبوڵنەکرد و لایبرد. لە پێشتریشدا جولانەوە ئیستطلاعییەکان دووبارە خودی ویلایەتی خەبەردارکردووە. لە بارەی چەتە عەشایەرەکانیشدا، لەو سەروبەندەدا دووبارە پابەندی ئەو هەڵسوکەوتانە بۆتەوە کە ئەمانەش لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نین"( ٠٠٢_٠٠٥_١٤٠٤٩٤_BEO_٠٠١٨٧٤).[١٣]

لە ئەنجامی ئەمەدا سەید ئەحمەد لە پۆستی قایمقامی لادەبردرێت و لەبەر ئەوەی زاوای شێخ سەعید ئەفەندییە، بۆیە سزایەکەی لەسەر سووك کراوە و لێبوردنی بۆدەکراوە، هەروەك لە بەڵگەنامەیەکدا ئاماژە دەکات و دەڵێت " لە ١٨- مایس-١٣١٨ڕۆمی سەیید ئەحمەد ئەفەندی زاوای شێخ کاك سەعید ئەفەندی، لەلایەن والی پێشوو حازم بەگ ئەفەندییەوە ساڵیڕابردوو وەکالەتی قائیمقامییەتی ڕانیەی وەرگرتووە، لەڕودانی ئەوڕوداوەی لە کاتی گواستنەوەیدا لە بەروورای ٢٣- تشرین الاول- ١٣١٧ ڕۆمی، تەلەگرافنامەی هاتوو لە وەزارەتەوە کە ناوبراو و دۆستەکانی لێبوردنی گشتییان بۆ بەیانکراوە. فەرمانبەرانی میری لە مادەی پێشوودا وەکوڕۆژێك لە معامەلاتی دواتردا ناوبراو و دۆستەکانی وەکو پێویست هەڵسوکەوتیان نەکردووە، بەڵام بە گەیشتنی کاتی تێگەیاندن و تەمبێکردنیان ئەرکی ویلایەتە، بەڵام بەهۆی پیشاندانی ڕێز و ئیحترام بۆ شێخی ناوبراو (شێخ سەعید ئەفەندی، واتە خەزووری سەیید ئەحمەد)، ئەوا لێبوردنی گشتیان بۆ دەرکرا. هەروەها لە کاتی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی داواکاری گشتی لە دادگای سەربەخۆییدا داواکاری گشتیش وتەی پەیوەندیداری نەبووە و تەنها لە لایەن نازم ئەفەندی بەگەوە لە بەروورای ١٢- اغستوس- ١٣١٧ڕۆمی بە بیرهێنانەوەیەك هەبووە دەربارەی دادوەری و یاسای پێداچونەوە و بەدواداچونی تەمبێکردنی هەندێ لە عەشایەرەکان

---

13 بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە، بروانە پاشکۆی ژمارەی (5) لە لیستی پاشکۆکاندا.

کە سەرکەوتو نابێت. بەمەش شورای دەوڵەت، سەرۆکایەتی ئاگادارکردۆتەوە لە م بارودۆخەدا، شورای ناوبراو بەردەست نابێت. لە ئەنجامی کێشەی ئەحمەد ئەفەندییەوە لەکاتی گەیشتنی بابەتی مافی تاکە کەسیدا سەیید ئەحمەد ئەفەندی و دۆستەکانی لە سلێمانی و ناوچەکانیتردا وە هەڵسەنگاندنی بابەتی حەمە ئاغا و دۆستەکانی لە قەزای کۆیەی تابعی سەنجەقی کەرکوك، لە بەدواداچونی معامەلات و هەڵسەنگاندنی داواکان و سەردانیکردنی دادگادارِاوێژکردنی یاسایی تێگەیشتنی پێویستە. هەروەکو لە داهاتوودا ئەوراقی پابەند بەم بابەتە پێویستە بۆ متەسەریفییەی سلێمانی بنێردرێت، بەمەش خودی بەدواداچوونی ئەم بابەتە، ئاگادارکردنەوەی هەردوو مەتەسەریفیەی (کەرکوك وسلێمانی) پێویستە. لە تەلەگرافنامەی پێشووی متەسەریفی کەرکوك(عوسمان پاشا) لە ئەنجامی سزادانی ئەحمەد ئەفەندی کە بوەتە هۆی تالآنبردنی چەندین ماڵ و دەست بەسەرداگرتنی ئەو ماڵانە، کە ئەگەر ئەمەش بەهۆی هێرشی عەشایەری‌ڕانیە (واتە:شێخ بزێنییەکان)ەوە بووبێت، لەگەڵ پیشاندانی‌ڕێز و ئیحترام بۆ شێخی ناوبراو (شێخ کاك سەعید ئەفەندی) ئەوا دەرخەری تا چڕادەیەکی بێ ئەدەبی و بێ سنوری متەسەریفی ناوبراوە (سەییدئەحمەد)ە، بۆیە لە پلە و مەکانەتەکەی دوورخراوەتەوە.“( ٠٠١٨٧٤_BEO_١٤٠٤٩٤_٠٠٦_٠٠١).

### دووەم: هۆکارەکانی شکستی لەشکرەکەی حەمە ئاغا:

١- بێ سەرۆکایەتی لەشکرەکەی حەمە ئاغا، هەرچەندە سەرکردایەتییەکەی دابووە دەست برازا و زاوای خۆی (قادرئاغای کوڕی سمایل ئاغا) کە ئەگەرچی خودی ئەو کەسێکی ئازا بووە، بەڵام لە توانایدا نەبووە سەرکردایەتی بەسەر ئاکۆ و بلْباس و خۆشناوەکانیشدا بکات،ڕەنگەئەگەر حەمە ئاغا خۆی لە خدران بوایە،ئەوا ئەم لەشکرە بە ئاسانی بڵاوەی لێنەدەکرد.

٢- لەشکرەکەی سەیید ئەحمەد وەکو (هێزەکەی طارق کوڕی زیاد لە فەتحی ئەندەلوس)وابوو، کە ئەوان هاتبوون و هیچ گەڕانەوەیەکیان نەبوو، دەبوو هەرڕژد بن لەسەر بردنەوە، بەڵام هۆزەکانی دۆستی حەمە ئاغا لە ماڵ و حاڵی خۆیان نزیکبوون و سەلامەتی ئەوان لە گەڕانەوەیان بوو لەم شەڕەدا (محەمەد، ٢٠١٠: ١٠٨-١٠٩).

سێیەم: هۆکارەکانی سەرکەوتنی حەمە ئاغا لە پێکاندنی ئامانجەکەی (کە بووە هۆی لابردنی سەییدئەحمەد لە پۆستی قائیمقام):

١- سەیید ئەحمەد بەبێ پرسی حکومەت ئەم لەشکرەی کۆکردەوە.

٢- بۆ مانەوەی سەیید ئەحمەدبە قائیمقامی لەڕانیە، بەتایبەتی لە دوای ئەم شەڕە گەورەیە، ئەوا پێویستی دەکات هەمیشە هێزێکی ئامادەکراوی لەگەڵدابێت.

٣- ڕانیە و پشدەر هەرێمی سەر سنووری ئێرانن و هەبوونی سەیید ئەحمەد بەمجۆرە لەم ناوچەیە لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی نابێت، بەڵکو هەبوونی حەمە ئاغا لە ناوچەکەدا زیاتر لە بەرژەوەندی دەوڵەتدایە (محەمەد، ٢٠١٠: ١٠٨).

## ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەماندا بەگشتی گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- بە پێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی دەردەکەوێت حەمە ئاغا لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا جێگای بایەخ پێدان بووە، تەنانەت لە پێناوی خەڵکی شارەکەی و هۆزەکەیدا ئامادەیڕووبەڕووبوونەوەی عوسمانییەکانیش بووە و ئەمەش وایکردوە حەمە ئاغا بۆ ماوەی پازدە ساڵ بکەوێتە زیندانەوە. لەگەڵ ئەمەش دا دەوڵەتی عوسمانی ڕێزیان لەو گرتوە و زۆر جار حیسابی بەرژەوەندی ئەویان کردوە و تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوبراو لەگەل هۆزەکانیتر ئامادەبوونە هێزی سەربازی بجولێنن، کە خودی ئەمەش لە بەرژەوەندی حەمە ئاغا بووە.

٢- سەرەرای ئەوەی کەسێکی کۆمەلایەتی و سەرۆك هۆزێکی دەوڵەمەند و لێهاتوو بووە، ئەوا حەزی لە دۆستایەتی زانایانی ئاینی کردوە و هەمیشە پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ مەلای گەورەی کۆیەدا هەبووە.

٣- بەڵگەنامە عوسمانییەکان بۆمانی دەردەخەن کە ناوبراوخاوەنی دیبلۆماسییەتێکی تایبەت بەخۆی بووە لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هۆز و هێزانەی کە مەترسی بوونە بۆسەر پێگەی خۆی و هۆزەکەی لە شاری کۆیەدا، هەروەکو توانیویەتی بەهاوکاری شێخ بزێنییەکانڕووبەڕووی هەمەوەندەکان ببێتەوە لە شاری کۆیە و دواتریشڕووبەڕووی شێخ بزێنییەکان ببێتەوە و مەترسی ئەوان لە سەر شاری کۆیە و دەوروبەری نەهێڵێت.

٤- بەڵگەنامەکانی عوسمانی ئاماژە بە پەیوەندییەکی باشی حەمە ئاغا لەگەڵ هۆزەکانی ئاکۆ و

بڵباس و خۆشناو دەکەن، تەنانەت ئەم هۆزانە پشتگیری حەمە ئاغایان کردوە لە کاتی هەبوونی شەڕ و ململانێ حەمە ئاغا لەگەل هۆزەکانیتردا.

## لیستی سەرچاوەکان:

### کتێب بە کوردی


• باجگر، نەوزاد یەحیا ٢٠١٨: کۆی سەنجاق لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا، وەگێڕانی: ئاشتی قادر، بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان – خانەی بەلگەکان، هەولێر.

• تەیب، جەمال فەتحوڵا ٢٠٠٨: کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨ "لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە"، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

• حەوێزی، طاهر أحمد: مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم/ بەشی یەکەم ، چاپخانەی نمیر، بەغدا.

• محەمەد، مەسعوود ٢٠١٠: حەماغای گەورە، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

• حەیدەری، مومتاز، سنجاوی هێرش ٢٠١٤: قاموسی ناوە نەمرەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەیڕۆژهەڵات هەولێر.

• خۆشناو، هێمن عومەر ٢٠١٧: بیروەری وڕوانینەکانی مەلای گەورە، ئاگرافیك، دیاربەکر.


### سەرچاوە کوردییەکان بە لاتینی


- Bacgir, Newzad Yahya 2018: Koysancaq le Belgenamekanî Osmani da, Wergêranî: Aşti Qadir, Bilawkirawey Zankoy Cîhan- Xaney Belgekan, Hewlêr.
- Teyib, Cemal Fethûlla 2008: Koya 1918-1958 "Lêkolîneweyekî Mêjûyî Sîyasî ye", Çapi Dûyem, Çâpxaney Şehab, Hewlêr.
- Ḥewêzi, Tahir Ahmed: Mejûy Koya, Bergi Dûyem, Beşi Yekem, Çepxâney Nimîr, Bexda.
- Mehemed, Mesʿûd 2010: Ḥeme Axay Gewre, Çapi Dûyem, Çepxaney Aras, Hewlêr.
- Ḥeyderi-Sincawi, Mûmtâz, Hêriş 2014: Qâmûsî Nawe Nemrekân, Bergi Yekem, Çepxâney Rojhelât, Hewlêr.
- Xoşnaw, Hêmin Omar, 2017: Bîr û Riwanînekânî Melay Gewre, Çepxaney A Grafik, Diyarbekir

**کتێب بە تورکی**

- Cunbur, Müjgân (2007). “Takî”. Türk Dünyası Edebiyatçıları Ansiklopedisi. C. 8. Ankara: AKM Yay.

**بەڵگەنامەکان:**

- B.O.A.I.. DA..6.103.0
- A_}MKT_MHM__00463_00101_001_001
- BEO_001874_140494_005_002
- BEO_000700_052485_002_001
- BEO_000700_052485_003_001
- BEO_001874_140494_003_001
- BEO_001874_140494_004_001

## پاشکۆیەکان

پاشکۆی ژمارە (١)، وێنەی حەمە ئاغای کۆیە، کە بە کامیرای کاپتن های گیراوە.[١٤]



14 وەرگیراوە لە W. R. Hay, TWO YEARS IN KURDISTAN "Experiences of a Political Officer 1918-1920", LONDON: SIDGWICK & JACKSON, LTD. 3, ADAJSV1CE ADELPHI, W.C. 1921, p.150.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)




A.}MKT.MHM.00463.00101.001

### وەرگێڕانی بۆ کوردی:

### بۆ ویلایەتی بەغدای پایەبەرز

لە سەنجاقی شارەزووردا، لە خانەدانزادەکانی قەزای کۆیەدا، مەحمود ئاغازادە (حەمە ئاغا) کە بە سزادانی هەتاهەتایی سزادراوە و یازدە ساڵە دەستگیرکراوە، سەبارەت بە لێبوردنی ناوبراو، کە شەش ساڵی حوکمەکەی لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ویلایەتی بەغدا ماوەتەوە. تاوانباری ناوبراو بە دۆسیەکەیەوە بۆ ماوەیەکی کاتی سزادانەکەی گواستراوەتەوە. تاوانباری ناوبراو دۆسیەکەی سەبارەت بە هۆکاری دەستگیرکردنەکەی بە تەلەگراف شیکردراوەتەوە و بۆ دیوانی یاساکان نێردراوە. لەگەڵ ئەمەش دا ئاغای ناوبراو مالیەکەی کە دیاریکراوە، ئاغای ناوبراو لەگەڵ برادەرەکانی، یەکێك لە کچەکانی بەقال باشی مەحمود (مەحمود سەرۆکی بەقالەکان) بەناوی کەسکە یاشینجە بۆ ماڵی یەکێ لە برادەرکانی بردراوە و کوشتراوە. لەدوای ئەم کوشتنەش لە لەگەڵ هەندێ لە دۆستەکانی بەهۆی بەردەوامیان لە شەقاوەت و ڕێپێ ماڵی خەڵکیدا، لە ئەنجامی ئەم بەدواداچونانەدا، وە بەپێی ماددەی دووەم، یاسا سزای هەتا هەتاییەکەی بەردەوامە ، هەر لە بەرواری ٤ – جماد الأول – ١٢٨٦ دۆسیە هاتووەکەی بەتەواوی نییە (تەنزیم نییە = کێشەی تێدایە)، هەربۆیە سەبارەت بە چۆنییەتی جێبەجێکردنی سزاکەی جارێکیترڕاوێژ بە ئەنجومەنی واڵا[15] کراوە، تاکو هەوڵدان و چارەسەری دۆسیەی ناوبراو سەرلەنوێ بخرێتە ڕیاردانەوە.

---

15 ئەنجومەنی واڵا: ئەم ئەنجومەنە لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، ئیشی ئەم ئەنجومەنە ئەوەبوو کاری نێوان خەڵك و حکومەت جێبەجێ بکات، واتە پردی پەیوەندی نێوانیان بوو. دواتر ئەم ئەنجومەنە لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشێنرایەوە و لەجیاتی ئەو ئەنجومەنی شورای دەوڵەت دامەزرا. (باجگر، ٢٠١٨: ١١).

زەرفی نامەکەش، لە سەری نوسراوە " ئەم نامەیە گەیشتە نووسینگەی سەرکردەیڕدیف (ڕدیف باشی) ... دیوانی یاساى سزا.. ١٩- رەمەزان-١٢٩٠"[١٦].




A.}MKT.MHM.00463.00101.002

لەڕوی دووەمی نامەکەدا نوسراوە" لە ناو ئەم نامەیەدا شەش سەد و هەشتا ئاقچە، شیکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی دیوان"[١٧].




A.}MKT.MHM.00463.00101.002

16 A_}MKT_MHM__00463_00101_002_001
17 A_}MKT_MHM__00463_00101_002_002

پاشکۆی ژمارە (٣)

بەڵگەنامەیەك لە بارەی كێشەی نێوان حەمە ئاغای كۆیە و شێخ بزێنییەكان دەكات




BEO.000700.052485.002

**وەرگێرانی بۆ کوردی:**

بابی عالی (سەرۆکایەتی وەزیران)

نوسینگەی نوسراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوەخۆ - ژمارە:٢٦٦٣

بۆ: جەنابی پایەدار سەرۆکی وەزیران - بۆ: هەموو لایەنی پەیوەندیدار

لە نێوان عەشایەرەکانی قەزای کۆیە وڕانیە لێکدوورکەوتنەوە دروستبووە، بەمەش توانای کاروباری گشتی دەوڵەتی لە ناوچەکەدا تێکداوە، بۆ دەستپێکردنی چاکسازی لە نێوان عەشایەرە ئاماژە پێکراوەکان، کە بەرژەوەندییەکانی لایەنگرانیڕەسول ئاغا و حەمە ئاغا لە قەزای کۆیە بە دەست بهێنرێت، کە بە هۆی هەبوونی ئەم دووانە لە ناوچەکەدا بە گشتی چاکسازییەکانی حکومەت لە ناوچەکەدا قورس دەبێت. تاکو دۆزینەوەیڕێگەچارەیەکی گونجاو لە نێوان ئەم عەشایەرانەدا، وا بە باش دەزانرێت کەڕێگە بدرێت بە مانەوەی حەمە ئاغا وڕەسول ئاغا بۆ ماوەیەکی کاتی لە موسڵ. وە بە پێی گوتەی یەکێك لە ئەندامەکان کە لە تەلەگرافنامەی بەرواری ١٢- تشرين الاول- ٣١١ ڕۆمی پێشکەشکراوە، وەڵامدانەوەی بەدواداچوونەکان وابەستەیڕای گشتی و کاری سەرۆکایەتی وەزیرانە. لە مبارەیەوەش ئەمر و فەرمان لە خاوەنشکۆوەیە. لە ١٢-جماد الاول-١٣١٣کۆچی/١٩-تشرين الاول-١٣١١ڕۆمی - وەزیری کاروباری ناوەخۆ:ڕەهیب.

## پاشکۆی ژمارە (٤)

بەڵگەنامەیەك لەبارەی کێشەی نێوان حەمە ئاغا و شێخەکانی بەرزنجی




BEO.001874.140494.003

## وەرگێڕانی بۆ کوردی:

بۆ بەڕێز: داواکاری گشتی لە موسڵ

وێنەیەك لە تەلگرافنامەی بەرواری ٢٧- شوبات- ١٣١٨ی ڕۆمی

لە نێوانی گەورەکانی بەرزنجە شێخ ئەحمەد ئەفەندی وە حەمە ئاغای کۆیە هەندێ ڕوداوی دووبەرەکی ڕویانداوە کە سەیید ئەحمەد هەڵساوە بە کۆکردنەوەی عەشیرەتەکانی وەکو شێخ بزێنی و شیر و بورتاس، ئینجا هێرشی کردۆتە سەر گوندەکانی ژێردەستی حەمە ئاغای غەفورییان و دوای تاڵانکردنی گوندەکە و کوشتنی خەڵکی گوندەکانی سەر بە ناوبراو، ئینجا ئەویش بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە و بەرگریکردن هەڵساوە بە کۆکردنەوە و وەرگرتنی هاوکاری لە عەشیرەتەکانی مەنگوڕ و ئاکۆ و چەند عەشیرەتێکی تری ناوچەکە و هەڵساوە بڕاوانی شێخ بزێنییەکان و کوشتن و ڕپینی ئەوان. بەمەش داواکارانی گشتی لە سەنجاقی کەرکوك و سلێمانی هەڵساون بە ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوان سەرۆکی عەشیرەتەکاندا، ئەمەش بە مەبەستی تەمبێکردن و لێپێچینەوەی ئەم تاوانە و هەروەکو لەلایەن فەرمانبەرانی دادورەی ویلایەتەوە بە نوسراوی بەرواری ٢٢- أغوستوس- ١٣١٧ی ڕۆمی بە مەبەستی ئاگاداربوون لەڕوداوەکان و بارودۆخی ناوچەکە هەڵساون بە ئاگادارکردنەوەی شورای دەوڵەت و سەرۆکایەتی پایەداری دەوڵەت بە مەبەستی لێکۆڵینەوەکردن لەم ڕوداوانە.

## پاشکۆی ژمارە (٥)

بەڵگەنامەیەك لە بارەی کوشتن و بڕینی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی حەمە ئاغا لەلایەن بەرزنجییەکانەوە.

T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)




DH.TMIK.M.00127.00004.001

وەرگێرانی بۆ کوردی:

بابی عالی (سەرۆکایەتی وەزیران)

بەرێوەبەرایەتی کاروباری ناوەخۆ

بیهی (بەناوی خودا)

تەلەگرافنامەیەکی شیفرەیی بۆ وەکالەتی ویلایەتی موسل

نامەیەکی گەیشتو لە متەسەریفیەی کەرکوکەوە بۆ وەزیر لە ١٠-حزیران-١٣١٥

وەکیلی والی : رەشید

وێنەیەك

لە نێوانی گەورەکانی بەرزنجە شێخ ئەحمەد ئەفەندی وە حەمە ئاغای کۆیە هەندێ ڕووداو ڕوویانداوە کە ناوبراوان هەندێ پیاوانیان لە عەشیرەتەکانیان کۆکردۆتەوە و بووەتە هۆی توندوتیژی نواندن بەرامبەر موڵك و ماڵی یەکتری و سوتاندن و لەناوبردنی هەندێ گوند و کوژرانی ژمارەیەکی زۆری خەڵك و دەربەدەر بوونی خەڵکەکە. لە ئەنجامی ئەمەش دا بە پێی بەلاغی کاروباری دادوەری تایبەتی کە لەلایەن ویلایەتی موسڵەوە ئاگادارکراونەتەوە، بەرژەوەندیان دڵنیا نابێتەوە، بەمەش بە پێداچوونەوەی داوای گشتی لە ویلایەتی موسڵەوە بۆ وەزارەتی داد ی پایەبەرز لەگەڵ بڵاوکراوەی باڵای دەوڵەت کە تیایدا داوای پێداچوونەوەی خێرا کراوە لە ٣٠- شوبات- ٣١٨ ڕۆمی بە ژمارە حەوت سەد و چل و سێ کە فەرمان بە ئاگادارکردنەوە سەرۆکایەتی کراوە. ماوەیەکە لەڕوداوەکانی نێوان ئەم عەشایەرانەدا چەندینڕووداوڕویانداوە، کە لە پێشتریش دا گروپێك کەسانی حوکمکراو بەوەکەش کە لێبوردنی باڵایان بۆ دەرکرابوو، لە دادگاییکردنەکانی کۆیەدا کە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش خەسارە و زیادەکانی زیاد بووبوو، دەربارەی ئەم بابەتە دەستەی بەرێوەبردنی ئەنجومەنی متەسەریفیەی کەرکوك، کە بەیاناتی مخاصەماتی مەبحوثە بەشێکی لە پێش ڕودانیدا، بیروباوەڕە سەربازییەکانی قبوڵنەکرد و لایبرد. لە پێشتریشدا جوڵانەوە ئیستطلاعییەکان دووبارە خودی ویلایەتی خەبەرداردکردووە. لە بارەی چەتە عەشایەرەکانیشدا، لەو سەروبەندەدا دووبارە پابەندی ئەو هەڵسوکەوتانە بۆتەوە کە ئەمانەش لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نین.

**Extended Abstract:**

Kurds had given a lot of leaders among its history, some of them whose names are reminded up until now as honorable, due to having some speciality such as generous, merciful, brave and revolutionary etc. Hama Agha-i Koya is one of these leaders who his community has given to the history. He was a very merciful, generous and powerful person. Obviously existing sources are incomplete to study on him, but due to existing Othman's archives and documents enable us to illustrate the biography of this person.

This paper consists two main chapters with an introduction about Hama Agha with some of the figures, each section has some parts. In the introduction, the demography of Koya City and societal and economic situation at the time of Hama Agha has been discussed.

In section one, the biography and personality of Hama Agha, his life and Hama Agha's life in the prison of Baghdad and Kirkuk and his conflicts with Shaikh Bzain clan have been discussed by narrating the Ottoman Archives and contemporary sources. While in section two, sheds new light on the reasons and results of the battle of (Khedran) and Hama Agha's victory according to the Ottoman Archives.

After getting Ottoman Archives, the study has got some results such as he had been given importance by the Ottomans, even due to protect his tribe, he was ready to fight against Ottomans. Therefore, he had been arrested and lived in Ottoman's prison in Baghdad and Kirkuk. In addition, the Ottomans helped him, when he fought with other Kurdish tribes. However, he was a lord and social chief, and gave importance to stay with educated men and imams, for example; Mala-i Gawra-i Koya was his close friend. Moreover, Hama Agha had a good relationship with Ako, Bilbas and Khoshnaw tribes, even these tribes helped him during the conflict with other tribes.